# دەسەڵات و شەرعیەت

# ئایا عەرەبستان لە کوردستان دیموکراسیتر نیە؟!

**موحسین ئەدیب**

عەقلّیەتی شمولی و تۆتالیتاری وانەیەکی وای فێری سیاسیەکانی لەمەڕ ئێمەکردووە ئیستیغلالی هەموشتەکان بکات , گشت کایەکان قۆرغ بکات, کۆی مەسەلەکان قووت بدات . بەوجۆرەی واقیع دەیەوێ وبەوشێوەیەی بەرژەوەندییان دەیخوازێ, ئیدی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە مەغزای شتەکان وحسابێك بۆبەرامبەربکات و دەرهەق بە دەرئەنجامەکان هەست بەلێپرسراوی بکەن,.لێرەوە سیاسیەکان و دەسەڵاتدارانی لەمەڕ ئێمە زۆر بەلایانەوە سانایە بانگەشەی نمونە باڵایی خۆیان بکەن لە سەرجەم بوارەکاندا وخۆیان بەوپەڕی دیموکراسی و مەدەنی وئازادیخواز بزانن.

وێنەی ئێستای عەرەبستان لە زۆر رووەوە لە سەرەتاکانی پاش راپەڕینی کوردستان دەچێت ,(ئەگەرچی هەندێ جیاوازی سەرەکی هەیە )ئەوکات بەرەی کوردستانی دەسەڵاتێکی لۆکاڵ بوو , ,سێبەرێکی نیو دەوڵەتی لەئارادا بوو, ,بەڵام شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەهیچ کلۆجێك ئامادەگی نەبوو ,شەرعیەتیش لەئەمڕۆی سیاسەتی نێودەوڵتیدا گرنگیەکی وای هەیە کە بوون و نەبونی دەسەڵاتەکانی پێوەبەندە, لێرەوە سەرجەم دەسەڵاتەکان بەهەموو توانایانەوە هەولدەدەن شەرعیەت مسۆگەر بکەن.شەرعیەتیش بەزۆری لەدوو روانگەوە سەرچاوە دەگرێت :

یەکەم :هەڵبژاردن و وەرگرتنی شەرعیەت لە کۆمەڵانی خەلکەوە.

دووەم :دانپێدانانی نێودەولەتی .

ئەو دەمە لەکوردستان شەرعیەتی نێودەوڵتی لەئارادا نەبوو بۆیە

دەبوو بەرەی کوردستانی بیر لە شەرعیەتی شەعبی بکاتەوە,هەربۆیە بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی دا وبەمەش توانی جۆرێك لەشەرعیەت بۆ خۆی دەستەبەربکات و وێنەیەکی پۆزەتیڤیش بەهەموو سلبیاتەکانی هەڵبژاردنەوە بداتە دەرەوەی خۆی , ئەگەر مسۆگەر کردنی شەرعیەت فاکتەری جەوهەری پشت پرۆسەی هەڵبژاردن بێت ,ئەوا نەبوونی دەسەڵاتێکی ئابووری بەهێزو رێکخستنێکی سیاسی تۆکمە و بارودۆخی ناسەقامگیری ئەو کات فاکتەر گەلێکی تر بوون لەپشت ئەو پرۆسەیەوە .لێرەوە دوبارەنەبونەوەی هەڵبژاردن و ستۆك بوونی پەرلەمان و شەڕی براکوژی و دووکەرت بوونی هەرێم و رۆژ لە دوای رۆژ بەرتەسك بوونەوەی ئازادییەکان و مۆنۆپۆلکردنی سەرچاوە داراییەکان لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە, زیاتر ئەو بۆچونەمان لاتۆختر دەکەنەوە ,.بەم پێیە گەشتینە ئەو بڕوایەی هەڵبژاردن دەمامکێکی سیاسی بوو زیاتر لەوەی پڕنسیپێك بێت و لەبیرکردنەوەی پارتە سیاسیەکاندا رۆچووبێت ,بەدواشیدا ئازادیو دیموکراسیەت وفرە حیزبی گەمەی جۆراوجۆریان پێدەکراو لەدەرەوەی خولگەی راستەقینەی خۆیاندا دەسوڕێنرانەوە , ئەم گەمە موزەیەفە لەگەڵ زیاتر رەگداکوتانی دەسەڵاتی ئابوری وسیاسی ورێکخستنەکانی یەکیەتی وپارتیدا موزەیەفتر دەبوو وکاراکتەرە سیاسیەکان کاراتر دەیان توانی داشەکان بجولێنن, ئیدی لای کەس شاراوە نیە چۆن دیموکراسیەت بەتەنها ئیدیعا و مانشێتی ماس میدیاکان بوو ,چۆن چۆنی ئەوەی پێی دەوترا کۆمەڵی مەدەنی حیزبەکان تەراتێنیان تێدا دەکرد ,پارتە دەسەڵاتدارەکان بۆخۆیان و بەدەستی خۆیان حیزبۆکەیان لێرەو لەوێ دروست دەکرد وناویان دەنا فرە حیزبی وبڕوابوون بەفرەیی, لەکاتێکدا نەماندیت لەناو ئەو هەموو فەسادو فەڕاغە جۆراوجۆرانەدا ئۆپۆزسیۆنێك بێتە ئاراو دەنگێکی لێوەبێت ,بێگومان ئەم موزەیەف کاری و ئیستیغلالکردنەی بەها مەدەنی و دیموکراسیەکان لەتوانای هەردەسەڵاتیکدا هەیە ئەگەر هۆشیار ی سیاسی لای تاکەکانی کۆمەڵ نەبێت , نمونەی ئەمەش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرو زەوەندەیە .

ئێستاو پاش ئۆپڕاسیۆنی ئازادی عێراق هەمان سیناریۆ لە عەربستانی ئەم وڵاتەدا لە ئارادایەو لەسەرو بەندی دیاریکردنی نوێنەری شارەکان بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی وهەڵبژاردنەکان و دانوستانی لایەنە سیاسیەکان جۆرێك لەشەفافیەت لەلێدوانی پیاوە سیاسیەکانیناوەڕاست و باشوردا ,ئەو بۆچونەی لەناو هەندێ رۆشنبیری کورددا هێنایە ئاراوە کەهەرێمەکەی ئەوان هەر لە ئێستاوە لەئێمە دیموکراستڕو شەفاف ترن ,ئەوەتا لەوێندەر فرەجەمسەری هەیە ودیموکراسیانەتر نوێنەری شارەکانیان هەڵبژارد, بەپێچەوانەی ئێمەوە کەبەتەعین و لەهۆڵە دورە دەستاکاندا ئەنجام درا , ئەوەتا سیاسیەکانی لەمەڕئەوان شەفاف تر لەوانەی ئێمە باس لەباس وخواسەکانی ئەو دیو هۆڵی دانیشتنەکان دەکەن .....هتد.

بێگومان کەم تازۆر ئەم قسانە راستن ,بەڵام بەبۆچونی من ئەمە جگە لەدوبارەکردنەوەی چیرۆکەکانی دوای راپەڕینی 1991ی کوردستان هیچی تر نیە وبنەمایەکی راستەقینەی دیموکراسیان نیەوبەهەمان شێوە پرۆسەی گەڕانە بەدووی شەرعیەتداو نائامادەگی دەسەڵاتیکی سیاسی و خاوەن جاماوەرە وای کردووە هەمان سیناریۆ دوبارە ببێتەوە .بەڵام بەهەندێ جیاوازی سەرەکیەوە :

1. ئێستادانپێدانانێکی نێو دەوڵتی لەئارادایەوئەم شەرعیەتە مسۆگەرە.
2. بوونی تیرۆر و تیرۆریستان ,مەترسیەکی گەورەیە لەهەمبەر شەرعییەتی جەماوەری حیزبەکانی عەرەبستان لەلایەك و لەلایەکی دی ئەوەدەسەلێنێت کە تیرۆرستان پشتگیری وهاوکاری جەماوەریان هەیە چونکە هیچ هێزێك لەناو شاردا ناتواننێت چالاکی ئەنجام بدات ئەگەر جەماوەری لەپشت نەبێت.
3. دیموکراتیزە کردنی عێراق رووی ئەمریکا جوان دەکات و وەك سونبولێکی شەرعیەتی بوونی لەم وڵاتەدا دەیبینێت.
4. بوونی ئەزمونێکی لەو شێوازە لە هەرێمی کوردستان .

بێگومان کۆی ئەم هۆکارانە بە ئاستی جیاواز هاوکاری هەرێمی عەرەبستان دەکات کە گەمە سباسیەکان لە بەرژەوەندیان تەواو ببێت و ئەو بۆچوونە لای برێك لە رۆشنبیرانی ئێمە دروست ببێت کە ئەوان لەرووی دیموکراسیەوە هەنگاوی باشیان ناوە.

ئەڵبەتە ئەم چیرۆکە لەکۆی ئەو وڵاتانەدا رویداوەو رودەدات کە یەکێك لەو دوو شەرعیەتەیان (شەعبی ونێودەوڵتی)نیە , تێبینی بکەن لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستتدا تەنها لەفەلەستین ولوبناندا گەمە دیموکراسیەکان بەرێەوە دەچێت کەهەردوکیان گرفتی شەرعیەتیان هەیە.

لێرەوە هەنگاو نان بەرەو دیموکراسیەت بەبێ هۆشیاریەك کە توانای جباکردنەوەی دیموکراسیەتی موزەیەف و دیموکراسیەتی راستەقینەی نەبێت مەحاڵە چونکە لەبنەڕتتدا دیموکراسیەت هۆشیاری تاکەکان دەەیسەپێنێت نەوەك عەقلّییەتی سیاسیە تۆتالیتارەکان کە بەردەوام هەڵپەی ئەوەیەتی ملی کۆی موفرەدە وکایە جۆراوجۆرەکان لەبەرژەوەندی مەرامەکانی خۆی هەڵپرۆکێنێ, بەم پێیە نەعەرەبستان لەئێمە دیمو کراستر وشەفاف ترن و نەئێمەش ئەو نمونە باڵایەین خۆمانی پێهەڵکێشین ,بەڵام ئەکرێ ئێمە دڵمان بەوە خۆش بێت کە سەرەتای

**ئەکتیڤبوونی کۆمەڵی مەدەنی لای ئێمە لە چرۆکردندایە ونارەزایی ومانگرتنەکانی ئەم دوایەی خۆیندکاران و مامۆستایان بلشترین بەڵگەن لەم بارەیەوە .**

**بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت من خوازیاری ئەوەبم و پێم خۆش بێت عەرەبستان هەرێمێکی نادیموکراس بێت و گۆڕانکاری جیدی تێدا روونەدەداڎ، بە پێچەوانەوە دیموکراسیبونی ئەوان بەرژەوەندی ئێمەی تێدایە ، بەدەر لەوەش هەمیشە یەکێك لە داواکاریەکانی شۆڕشە کوردیەکان دیموکراسیەت بووە بۆ عێراق، چونکە ئێمە و سەرجەم پێکهاتەکانی تری عێراق بەتەنها لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی و فرەییدا دەتوانین لەگەڵ ناوەنددا هەڵبکەین, بەڵکو مبەستمە بڵێم کە ئێمە لە عێراقی نوێدا شەڕی کلتور و شەڕی تایبەتمەندی رۆشنبیری و کارلەسەر قوڵکردنەوەی مومارەسەکردنی دیموکراسی بکەین، چونکە ئەوە تاکە مەیدانێکە کە ئێمە تیایدا ئەگەری بردنەوەمان هەیە، بۆیە زۆر زەرورە تاك و دەسەلاّتی کوردی زۆر بە جیددی کارلەسەر ئەکتیڤبوونی کۆمەڵی مەدەنی بکات و شەفاف بێت لە سیاسەتەکانیدا و هەوڵی بنبڕکردنی فەسادی ئیداری بدات ئەمەش بە خوێندنەوەیەکی رەخنەییی دەبێت بۆ سیانزە ساڵەی حکومداری خۆی و، واز لە گوتاری نمونە بالاّیی خۆی بهێنێت و بە خۆیدا بچێتەوە و دان بنێت بە هەڵە مێژووییەکانی خۆیدا، چونکە لە هەموو دنیادا یەکەمین هەنگاوی ریفۆرم و چارەسەر لە داننان بە نەخۆشیەکانەوە دەست پێدەکات ، ئەگەر دەسەلاّتی کوردی ئەم پرۆسانە بە ئەنجام نەگەیەنێت دورنیە هەرێمەکەی دی ئەگەر تا ئێستا بە زمانی هێز و تۆقاندن پەراگەندەیان کردبین ئەوا لە عێراقی نوێدا بە زمانی مەدەنیەت و دیموکراسیەت پەراوێزمان بخەن، ئاماژە بەوەی زۆرێك لە فاکتەرە بابەتیەکان هەر لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی و پشتگیری ناوچەیی و کاریگەری زمانی عەرەبی و ناوەندیبونیان هاوکاری ئەوانەو لە بەرژەوەندی ئەوان تەواو دەبێت، بۆیە ئێمە جەنگێکی کلتوری و مەدەنیمان لە پێشە و دەبێت خۆمانی بۆ رێك بخەین لە پێناو سەرنەگرتنی ئەو بۆچونەی کە پێیوایە هەر لە ئێستاوە هەرێمی عەرەبستان هەنگاوی لەبارتریان ناوە بەرەو دیموکراسیەت وئیدیعاکانی ئێمەش فت.**